گونجاو نییە ئەم مزگەوتانە بەکاربهێنرێت بۆ میز یان پیسی کردن، بەڵکو (دروستکراون) بۆئەوەی یادی خوای گەورەی تێدا بکرێت، وقورئانی تێدا بخوێندرێت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێك لەنێو مزگەوتدا بووین لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؛ پیاوێکی ئەعرابی هات، وەستا ولە نێو مزگەوتەکەدا میزی کرد، هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ووتیان: بوەستە بوەستە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مەیوەستێنن، وازی لێبێنن»، ئەوانیش وازیان لێهێنا هەتاوەکو میزی کرد، پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بانگی کرد وپێی فەرموو: «گونجاو نییە ئەم مزگەوتانە بەکاربهێنرێت بۆ میز یان پیسی کردن، بەڵکو (دروستکراون) بۆئەوەی یادی خوای گەورەی تێدا بکرێت، وقورئانی تێدا بخوێندرێت»، یان بەو شێوەی پێغەمبەری خودا فەرمووی -صلى الله عليه وسلم-، دەڵێت: فەرمانی بە پیاوێك کرد لە خەڵکی؛ ئەویش سەتڵێك ئاوی هێنا وکردی بە سەر شوێنی میزەکەدا.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مزگەوتدا بوو لەگەڵ هاوەڵانی، پیاوێکی ئەعرابی هات لە دەشتەوە، وەستا ولە شوێنێکی نێو مزگەوتەکەدا میزی کرد. هاوەڵان هاواریان بەسەریدا کرد، ووتیان: واز بهێنە وبوەستە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: وازی لێبێنن، ومیزەکەی پێ مەپڕن، ئەوانیش وازیان لێهێنا هەتاوەکو میزەکەی تەواو کرد. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگی کرد وپێی فەرموو: گونجاو نییە ئەم مزگەوتانە بەکاربهێنرێت بۆ میز یان هەر پیسیەکی تر، بەڵکو دروستکراون بۆئەوەی یادی خوای گەورەی تێدا بکرێت -عز وجل-، ونوێژی تێدا بکرێت، وقورئانی تێدا بخوێندرێت وهتد. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد بە پیاوێك لە هاوەڵان وئەویش سەتڵێکی پڕ لە ئاوی هێنا، وبە ئاسانی کردی بەسەر شوێنی میزەکەدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8948